



# ماکیاژی تازە بۆ ساڵی ٢٠١٣

زۆری لە مۆدەی ماکیاژ وادەکات کە هەر یەك لە خانمان نەتوانێ جۆرێکی دیاریکراو لە ماکیاژەکان هەڵبژێرێت بۆ رووخساری، لە کاتێکدا ئەو ماکیاژانە دیمەنێکی جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتر، هەر پسپۆران زیاتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، چەند شێوەی ماکیاژ سادە و کەم بۆیە بێ، ئەوەندە جوانییەکی زیاتر دەبەخشێت، تەنانەت زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت و دەبێتە یەکێك لە ناسکترین ماکیاژەکانی رووخسار. لە یەکێك لە تازەترین مۆدەکانی ماکیاژدا، جۆرە ماکیاژێك دەرکەوتووە، کە بە ماکیاژی ستایلی ئیتاڵی ناسراوە، بەمەش بە یەکێك لە جوانترین تازەترین ماکیاژ دادەنرێ بۆ ساڵی نوێی ٢٠١٣، جوانی ئەو جۆرە ماکیاژەش لە سادەییەکەیدایە، چونکە لە نزیکەوە بە ناسکترین شێواز دەردەکەوێت و دیمەن و نمایشێکی رازاوەی دەبێت، شێوەی ئەو ماکیاژە، لە سادەیی و یان یەك رەنگدا دەردەکەوێت، بە گوێرەی ئەو مۆدەیە، دەتوانین سوود لە بەشێکی رووخسار وەربگرین تاوەکو بە جوانی دەربکەوێت، واتە دەتوانین گرنگی بە بەشێکی رووخسار بدەین، لەوانە: دەکرێ تەنیا رەنگی لێو تۆخ بکەین، لە کاتێکدا رەنگی سەرەکی واتە رەنگی (ئەساس)، بە رەنگێکی هێمن و سادە بێ، وەك :رەنگی قاوەیی- زەردی زێڕی – پەمەیی ئاچوخ، هەر یەکە لەم سێ رەنگە دەبنە رەنگی سەرەکیی رووخسار، لەگەڵ دانانی پشت چاوێکی نەرم، واتە لە رەنگێکی هێمن و بەبریقەیەکی کەم بێ، ئەمەش بە باوترین و شایستەترین مۆدەی ماکیاژ بۆ وەرز و ساڵی تازە دادەنرێت.



# پانتۆڵی مۆدە تێک

جوانی و رازاوەیی لە جلوبەرگ، هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ هەڵبژاردنی دەستەجلێك، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ هەر جلێك مانایەکی خۆی هەبێت لە جوانی بۆ رازاندنەوەی جەستە، لە کاتێکدا گشت جلەکان لە مۆدەی تازە و نوێدا ناوەستن، رۆژانە مۆدەی تازە و شێوازی نوێ دەردەکەون، بەڵام خانمان زیاتر پێویستیان بە جلی مۆدە تازە دەبێ، بەمەش هەر مۆدەیەك بۆ کاتێکە و دەبێ لە ماوەیەکی دیکەدا گۆڕانکاری بەسەر شێوازەکاندا بێ، یەکێك لەو جلانەی کە پێویستیان بە گۆڕانکاری ومۆدەی جوان هەیە، ئەویش پانتۆڵە، ئەو جلە بەشێکی زۆر لە جوانی جەستە نیشان دەدات و دوو جۆرە پانتۆڵیش

# کەمەر بەست و پشتێن لە کراسی کوردی

لەگەڵ هەر مۆدەیەك لە جلی کوردیدا، لەو کاتەی جۆری قوماش و شێوەی کراسەکە هەڵدەبژێرین، دەبێ حیساب بۆ ئەو بەشانە بکەین کە کراسەکەی لێ پێکدێت، هەر لە جۆری کراس و رەنگ و شێوەکەی، کەمەر بەست وپشتێن جوانترین و سەرەکیترین بەشەکانی کراسی کوردین، لێرەدا باس لە گرنگی و شێوازەکانی کەمەربەست و پشتێن دەکەین، کە هەر یەکەیان جۆرە مۆدەیەکی رازاوە و جوانی هەیە، پشتێن، لە قوماش دروست دەکرێت و زیاتر لەگەڵ رەنگی ئێلەگ یان کراسەکە رێکدەخرێت، هەروەها سەبارەت بە کەمەر بەست، مەرج نییە، لەسەر شێوەی کراس یان ئێلەگ بێت، چونکە دەکرێ لە قوماش بێت، یان لەسەر شێوەی ئێکسسوار بێ، وەك ئێکسسواری زنجیر بۆ پشت، ئەوانەی زیاتر لە مۆدەکانی ئێستادا باویان هەیە، لە پێشوودا زیاتر پشتێنی قوماش دەبەسترا، بەڵام هەر یەکە جوانی خۆی هەیە و دەبێتە هۆکارێك بۆ بەستن و توند کردنی کراس لە ناوەڕاست و ناوقەد، لە هەمان کاتیشدا، جوانییەکی ناسکیش نیشان دەدات. لەو کاتەشدا پشتێن دەبەسترێت کە پێویست بکرێت، ئەگەر هەست بکرێت، کراسەکە هەندێك گەورەیە و لەسەر کەمەر ڕاناوەستێت، بۆیە لەو حاڵەتەدا دانانی پشتێن پێویستە.



# ئەڵقە و ئەنگوستیلەی زیو هەڵبژێرە



کاتێك دەمانەوێ، ئەو جۆرە ئێکسسوارە هەڵبژێرین، پێویستە ئاگاداری چەند لایەنێك بین، بە تایبەت ئەو ئێکسسوارانەی بچووکن و لە نزیکەوە دەردەکەون، وەك ئێکسسواری ئەڵقە و ئەنگوستیلە، کە لایەنێکی جوانی دەردەخات و بە تایبەت کاتێك لەو شوێنانەدا دەپۆشرێت کە بە تەواوی دیار دەبێت، وەك ئەڵقە بۆ پەنجەی دەست، بازنگ بۆ دەست، گوارە بۆ گوێ، لێرەدا گرنگی و جوانی ئەڵقە و ئەنگوستیلە دەکەین، چونکە لەسەر پەنجەکانی دەست بە جوانی دیار دەکەون، تەنانەت هێمایەکە بۆئەو خانمانەی کە شوویان نەکردووە و ئەنگوستیلەی ناسك و رازاوە لە دەست دەکەن، لە دوای هاوسەرگیریش دەبێتە ئەڵقە، ئەویش هەمان شێوەی ئەنگوستیلەی هەیە، بەڵام جیاوازیان هەیە لە رواڵەت و شێوەی دەرەوەی، مەرج نییە ئەڵقە و ئەنگوستیلە تەنیا لە زێڕ و ئەڵماس بن، دەکرێ لە زیو بن، کە ئەویش مانا و جوانیی خۆی هەیە، ئەڵقە و ئەنگوستیلەی لە زیو، بە شێوەی ئەڵماس دەردەکەون، چونکە رەنگی ئەڵماس و زیو هەمان رەنگە یان شێوە و بریقەیان لە یەکتر نزیکە.



## ـــــەڵ لە جینز و قوماش

هەیە، یەکێکیان : لە ماددەی جینز دروست دەکرێ کە ئێستا مۆدەیەکی باوە لە کوردستان، ئەوەی دیکەش لە قوماش دروست دەکرێ و زیاتر بۆ کاتی دەوام و شوێنە فەرمییەکان دەپۆشرێ، بەڵام لەگەڵ مۆدەی تازە و داهێنان لە جلدا، هەڵساون بە دروست کردنی تێکەڵی نێوان شێوەی جینز و ماددەی قوماشی پانتۆڵ، بەمەش دەبێتە مۆدەیەکی پێکهاتوو لە شێوەی جینز و لە ماددەی قوماش، ئەمەش گەورەترین پانتۆڵ و مۆدەیەکی جوانی لێ دروست دەکرێت و دەبێتە یەکێك لە جوانترین پانتۆڵ بۆ خانمان، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو جۆرە پانتۆڵە.



## دوو جوانترین کراسی بووک

تاچەند بووك رازاوە و جوان بێت، هێشتا پێویستی بە جوانی زیاترە، چونکە لە رۆژی ئاهەنگدا، بووك، شازادەی ئاهەنگە و کراسی بووك دەبێ بە جوانترین ئەندازە کاری لەسەر بکرێ، هەر جۆرە مۆدەیەك دەبێتە شێوەیەك لە جوانی بووك، لەگەڵ ئەو لایەشدا، کراس بە چەندین شێوە و رەنگەوە ئامادە دەکرێت، وەك دانانی نەخش و رەنگ و ستایلی جلەکە، نموونەی



ئەو کراسە لەوەدایە کە لەسەرەوە بە شێوەیەکی کراوە و جوانەوە نەخشی بۆ کراوە و هەروەها لە ناوقەدیشدا، نەخشێکی لاری هەیە و دواتریش بە سادەیی دێتە خوارەوە، لەم نەخشە و ستایلەشدا، گرنکی و جوانی ئەو دوو جۆرە کراسە، لە نەخش و ئامادەکاری شێوەی کراسەکەیە، ئەگەرچی هەر خانمێك بیپۆشێت، لەسەر جەستەی جوانتر و رازاوەتر دەبێت، شێوەی ئەو کراسە، لە سەرەوە تەسکە و لە خوارەوەش بە گەورەیی دەردەکەوێت، کە ئەمەش وادەکات دیمەنێکی رازاوەی هەبێت، سەبارەت بە جلی دووەمیش، مۆدەیەکی ناسك و تەسکی پێوە دیارە، لەسەرەوە بۆ خوارەوە تەسك دەبێتەوە و شێوەیەکی ستوونی هەیە، لەگەڵ بوونی تارای بووك لەسەر چاو، یان لەسەر قژ دادەنرێت و بەرەو خوارەوە دێت، ئەمەش جوانترین دیمەن دروست دەکات، هەروەها تاراکەش لەسەر سەر بۆ خوارەوە دەبێت و ئەوەندەی کراسەکە درێژە و جوانە. ئەو دوو کراسەش جوانترین مۆدەی کراسە تازەکانی بووك دەردەخەن و دیمەن و نمایشکی جوانیان دەبێت کاتێك خانمان لەبەری دەکەن و لە رۆژی ئاهەنگدا دەبن بە جوانترین بووك.

## دەنـــدرۆشک !



**ڕەوەند بەختیار**

هەندێك وشـەو دەســتەواژەو ناو هەیە کە لــە کۆندا زۆر باو بووە و ئێســتا بەدەگمەن دەکەوێتە بەر گوێمان و ڕەنگە هەر ماناشی نەزانین، دەندرۆشك یەکێکە لەو وشانەی کە ڕەنگە نەوەی ئەو سەردەمە زۆر کەم بەرگوێی کەوتبێ، جاران ئەگەر کەسێك زۆر رەق و وشك و لاواز بووایــە دەیان وت دڵێی دەندرۆشــکە، بەڵام ئەمە مانای راســتەقینەی ئەو وشەیە نییە، ئــەو مانایەی لە مانــا بنچینەییەکە وەرگیــراوە کە خۆی لە خۆیــدا توێکڵی یان

## ئۆباما لاسایی دەکاتەوە

دوای ئەوەی یاریزانی جەمبازی ئەمەریکی (مکایلا مرۆنی)، سەرکەوتنی بە دەســت هێنا لە ئۆلۆمپیادی لەندەن، لەگەڵ وەرگرتنی خەڵاتەکەی، ئەو یاریزانە کە کچێکی جوانە بە رووخسارێکی تورە و سەیرەوە وێنەی گیراوە، دوای ئەوەی وێنەکەی بڵاودەبێتەوە و سەرۆکی ئەمەریکاش بەو یاریزانە دەزانێ، دواتر لەلایەن بــاراك ئۆباما داوەتی ئەو یاریزانە دەکات و لەگەڵ گەیشــتنی ئەو یاریزانە بۆ لای ئۆباما، و دوای ســڵاو کردن، باراك ئۆباما لاسایی رووخساری ئەو یاریزانە دەکاتەوە لە کاتی وەرگرتنــی خەڵاتەکەدا بوو، ئەمەش بووە جێگەی پێکەنین و شــەرمی ئەو یاریزانە و بەمەش ســەرۆکی ئەمەریکا، خۆی و ئەو یاریزانە، بە رووخسارێکی دەم لار کردنەوە وێنەیەك دەگرن و بڵاودەکرێتەوە.

## ئەو منداڵەی لە پەرلەمان گـــ

زۆرن ئــەو ئافرەتانەی لە ژیانی گشــتی و تایبەتی خۆیاندا ســەرکەوتوون، تەنانەت هەر یەکە لە ئافرەتانی کوردیش خاوەن بەهرە و توانای سەیرن، بەڵام یەکێك لە سەرسامترین دیمەنەکانی خۆشەویستی ئافرەتێك بۆ منداڵەکەی، ئەویش کە (لیسیا رۆزنزالی)یە پەرلەمانتاری ئیتاڵی، لەو کاتەی منداڵەکەی بووە کە کچە، لە گشت دانیشــتەکانی پەرلەمــان منداڵەکەی هێناوە، ئەمەش ماوەی دوو ســاڵە زیاترە کە لە گشت دانیشــتنەکان کچەکەی لەگەڵدایە، لە دواترین دانیشتنی پەرلەمانی ئیتاڵیادا، (لیسیا) لەگەڵ ئەوەی دەستی بەرز کردۆتەوە بۆ دەربڕینی ڕای خۆی لەســەر بڕیارێکی پەرلەمان، لەو کاتەشدا کچەکەی لووتی گرتووە و یاری لەگەڵ دایکی دەکات، لەوەوە دەبێ بزانین کە هەستی دایکایەتی گەورەیە و بەراورد بە هیچ هەستێکی دیکە نییە و نایێت، ئەو منداڵەش لــە جیاتی لە داینگەدا گەورە بێ، بەڵکو لە پەرلەمان گەورە بووە.







## گوێزی کوردستان

کوردستان بە چەندین بەروبوومی سرووشتی بەناوبانگە، تەنانەت لە زۆربەی وڵاتان داوای بەروبوومی کوردستان دەکرێ، ئەگەر بێت و زیاتر گرنگی بە بەروبوومە سرووشــتیەکانی کوردســتان بدرێ، بێگومان لەســەرتاپای جیهان داوا دەکرێ، یەکێك لەو خواردنە خۆش و سرووشتیانەی لە کوردستاندا هەیە، ئەویش گوێزە، گوێزی کوردســتان بەناوبانگە، کە توێکڵێکی ناسك و ناوەوەی بە رەنگێکی سپی یان زەرد و چێژێکی خۆشــی هەیە، گوێز لە کوردستاندا لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەڕوێت، لەوانە : بناری قەندیــل —هەورامان- بیارە و تەوێڵە، گوێز وەك دارێکی سرووشــتی و لە شــوێن و ناوچەی ساردا گەشە دەکات، گوێزی کوردســتان بــەوە بەناوبانگە کە بە ئاســانی توێکلەکەی دەشــکێت و ناوەکەی دەردەهێنرێــت، دار گوێز، لە هەر ســاڵێکدا زیاتــر جیاوازتــر دەبێ و گەشــەدەکات و زیاتریش قەدی گەورەتر و ئەستوورتر دەبێ، دار گوێــز تەمەنی زۆر دەبــێ و تەنانەت هەیە لە (٣٠٠) ســاڵ زیاتریش دەبێت،، زۆر کەس بــڕوای وایە کە دارگوێــز لە خۆیەوە خۆڕسك دەبێ، بەڵام ئەوە راست نییە و زیاتر شارەزایانی بواری دارگوێز دەڵێن: گیانداری سمۆرە ئەو کارە دەکات، لەو کاتەی کە سمۆرە گوێز کۆدەکاتــەوە تاوەکو لە وەرزێکی دیکە بیخوات، ئەویــش کە لەژێر گڵــی دەنێت، دواتر شوێنی شاردنەوەی گوێزەکان پێنازانێ و پاشــان لە خۆوە خۆڕســك دەبێ و گەشە دەکات، گوێزی نەگەییو، تەڕە و بەر لەوەی وشك بێتەوە و تەنانەت نەرمە، دواتر رەق دەبێ و لە پاش لێکردنەوە و وشــك کردنەوەی، لەو کاتــەدا کە گوێز نەگەییــوە و بەمەش وەك گیادەرمان بەکاردەهێنرێ بۆ بواری پزیشکی و تەندروستی.

ناوکی کەنگرە، دوای وشك کردنەوەی، ئەوەی لە شێوە وا بوایە پێیان دەگوت، ئەم ناوەش لەوە هاتووە، کە شێوەی پووچ و رەق و وشکە، بۆیە ئەوناوەی لێنراوە، واتە ناوەکەی مانای خۆی دەدات و گوزارشت لە شێوەی دەکات.

جاران چەرەز بە شـێوەی ئێسـتا نەبوون و سادەبوون رەنگە هەر تەنیا مێوژ و گوێزو بادەم بووایە لەگەڵ ئەوانە دەندرۆشـك بەکاردەهات هەرچەنـدە رەق و وشـکە، بـەڵام ناوکێکی بچووکی تێدایە کە تامێکی خۆشی هەیە بۆیە وەك چەرەز بەکاردەهات.





## بووک و زاوای (١٠١ و ١٠٣) ساڵە

کـەس نازانێ مرۆڤ تەمەنـی چەندە و چەند سـاڵ دەژی، هەر کەسـێك بەهیوای ئەوەیـە زۆرترین تەمەن ببڕێت، یان ئەوانەی تەمەنێکی زۆریان بڕیوە، چەندین یادگاری و بیرەوەریـی خۆیـان هەیە لە رابـردوودا، تەنانـەت هەندێکیان یادەکان تازە دەکەنەوە و بەهیوای تەمەنی پێشووتر، وەك ئەو دوو پیاو و ژنـە چینیەی کە دوای (٨٨) سـاڵ لە هاوسـەربوونیان، وادیارە ئەمڕۆش یادی ئەو رۆژەیان دەکەنەوە، مامە پیرە ناوی (کۆنگان)ە و تەمەنـی (١٠١) سـاڵە و دایە پیرەش ناوی (وسۆنگشای)یە ئەویش (١٠٣) ساڵە، لە سـاڵی ١٩٢٤ هاوسەرگیریان پێکهێناوە و ئەوەتە ئەمڕۆش بە جلی بووك و زاوا دیسان پەیمانەکەیان نـوێ کردەوە و بوونەوە بووك و زاوای کۆتایی تەمەن.








## جلوبەرگ لە شوکوڵاتە

چەندین جۆرە نمایشـی سـەیر و جوان ئەنجام دەدرێ، هەر یەکە بـە گوێرەی ئەو بیرۆکەیە دەبـێ کە لە سـەرەتادا کاری بۆ دەکرێ، لە شـاری مەرسیلیای باشـووری وڵاتی فەڕەنسا، سەیرترین نمایشـی جلوبەرگ کرایەوە، کە جلەکان هەر بۆ خـواردن و هەم بۆ نمایشـیش دەبێت، ئەو جلانەی کە خانمانی نمایشکارانی ئەو نمایشە پۆشییان، لە خواردنی شـیکۆڵاتە دروسـت کـراوە، هەندێك لە کراسـەکان، سەرتاپایان لە شـیکۆڵاتە بووە، هەندێکی دیکەشـیان پارچەیەك یان بەشـێکیان لە شـیکۆڵاتە بوو، ئەو کەسـەی داوای کراسەکەی بکردایە، دەتوانێت بیپۆشێ بۆ ماوەیەك و دواتر بیخوات.



# وێنە و بیرکردنەوە

لەم وێنەیەدا هەوڵبدە بزانە چەند پشیلە هەن، لە کاتێکدا وێنەیەکی فێڵکاری چاوە و بۆ سەیر کردن کراوە تاوەکو ئەوەی سەیری بکات و نەزانێ کە چەند پشیلە لە وێنەکەدا هەیە.



## پەندی ناوداران



مۆزارت دەڵێ :

- ئارامییەك بێتە هۆی نا ئارامی کەسانی دیکە، تاوانێکی گەورەیە

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شاعیرێکی کلاسیکی کوردت بۆ دەربچێ .


ر ی ە پ د ێ م

وەڵامی ژمارەی پێشوو : سەرماوز




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ڕەنگە کارێکی زۆر باش یان پرۆژەیەکی هونەری ئەنجام بدەیت، هەر لەم ماوەیەدا هەندێك لە بیروڕاکانت گۆڕانی بەسەردا دێت، بەرگەی ئەو گۆڕانانە بگرە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ناکۆکی و ململانی بە شێوەیەکی کتوپڕ ڕووت تێدەکەن، بۆیە پێویستت بەکەسێك دەبێت هاوکاریت بکات لەئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەندێك پێشنیارت بۆ دەکرێت بەڵام بەهۆی دوو دڵیت نازانیت کامەیان هەڵبژێریت و جێبەجێی بکەیت، باشترە ئەمڕۆ پەیوەندی نوێ نەبەستیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئیش و کارە ئاساییەکان بەباشی بەڕێوە دەچن و چالاکانە کۆتایی بەهەندێ لەکارەکانت دێنیت، هەر ئەمڕۆ لەماوەی پێشوو زیاتر بیر لەدۆستەکەت دەکەیەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەو بڕیارەی داوتە پەشیمان مەبەوە خۆڕاگر بە، لەبواری سۆزدارییەوە ئەو خۆشەویستییە مەزنەی کە چاوەڕێی دەکەی کەمێك دوا دەکەوێت بەڵام ئومێد بڕ مەبە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەم ڕۆژانە بیری ڕابردووت دەکەیتەوە، بەهۆی ئەوەش دەست دەکەیت بە گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانت کە لەوانەیە ئاوات و ئامانجی ژیانیشت بگرێتەوە.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (قزقابان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ باڵندەی کە بفڕێ)
- پیتی خانەکانی (٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئافرەت بە زمانی بادینی یان ڕەگەزی مێ)
- پیتی خانەکانی (١+٦+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەکی جوانە و دادەگیرسێ و ڕووناکییەکی کزی هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (کارێکە و مرۆڤ کە لەناو ئاو دبێ چی دەکات)

# بووکێکی ناشیاو!



لــەم وێنەیــەدا، بووکێکــی جوان و خنجیلانە دەبینن، ئەو بووکە گشــت کەرەســتە و جل و ئێکســـوارەکانی تەواوە، تەنیا شــتێکی نەبێ کە هی خۆی نییە و لــە وێنەکەدا دیارە، کە شتێکی ناشــیاوە و جێگەی گومانە، هەوڵبدە بیــدۆزەوە کە چییە و چۆنە، بەڵام بە وردی سەیری وێنەکە بکە و بزانە هەڵەکە چییە.

## بچووکترین کیسەڵ



وەکــو دەزانین لە هەموو دونیا، گــەورە و بچووکی لە تەمەن و شــێوە و قەبارە هەیە بۆ هەموو شتێك، کەچی هەندێك شــت دەردەکەون کە زۆر گەورەن و هەندێکیش زۆر بچووکن، ئەوانەی بچووکن، هەردەم خۆشەویســت و بەرچاون و جوانن، وەك ئەو کیســەڵە خنجیلانەیە، کە درێژی (٣,٨) سێ سەنتیمەتر و هەشت پۆینت دەبێ، ئەو کیســەڵە ناوی (تانك)ە لە وڵاتی بەریتانیا دۆزراوەتەوە، ئەوەی جێگەی سەیرە ئەو کیسەڵە جەماوەرێکی زۆری هەیە و خەڵك وێنەی لەگەڵدا دەگرن.

## مانـــای خـــەون

**هێلکە :** هێلکە لە ناو قاپ دا بێت ئەوە ئافرەتە، ئەوەی ببینێ مریشکەکەی هێلکەی کرد کوڕی دەبێت، خواردنی هێلکە بە کاڵی خواردنی پارەی حەرامە یان کارەســاتێکی گەورەیە، ئەو کەســەی ببینێ هێلکەی بەدەســـتەوەیە هاوســەرەکەی وەك مردووی لێ دێت یان ببینێ هاوسەرەکەی هێلکەی شکاند، کوڕێکی دەبێت، کڕ کەوتنی مریشــك لەسەر هێلکەو لەپاشــان دا دەرچوونی جوجەڵە مانای زیندوو بوونەوەی باس و کردەوەی مردووێکە،لەوانەشە ئەوەندەی ژمارەی جوجەلەکان ئەو ماڵە منداڵیان ببێت ئەو کەسەی ببینێ هێلکەی زۆری هەیە ئەو کەســە دەوڵەمەندە مەترســی ئەوەی لێ دەکرێت لە ڕێ لا بدات، هێلکەی کوڵاو



چارەسەر بوونی کاروبارێکی ئاڵۆزاوە و دەست کەوتنی پارەیە و خواردنیشی ژن هێنانە و ژنەکەش دەوڵەمەندە، ئەو کەسەی هێلکەیەکی بدرێتێ ئەوە کوڕێکی دەبێت ئەگەر هێلکەکە بشــکێ کوڕەکەی دەمرێ، بەکورتی هێلکە مانای ژن هێنان و منداڵ بون وزێڕو زیو و گۆڕ و کۆکردنەوەی پارەو هاتنەوەی کەس و کارە.

سەرچاوە: خەوننامە !

## دیـوانـە شـیعر

**ئەحمەد موختاری جاف دەڵێ :**



کەمن مەیلم هەیە ئێســـتا بنوســـم وەسفی ڕووخسارت
کە تۆ ســـەروی منی، بێچارە قومری دڵ حەزینی تۆم
هەمیشـــە بولبول ئاسا وام لە دەوری باغی گوڵزارت
نیـــگار ئەمرۆ لە جەمعـــی ڕەقیبا پێ ی وتم(ئەحمەد)
مەحاڵە تۆ ئیتر دەســـتت کەوێ یاری دڵ ئازارت ..

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لە پەیوەندییە گشتیەکانت، توانات بۆ دەوروبەرت روون دەبێتەوە، چاوپێکەوتنێك ئومێدت بـــۆ دەگەڕێنێتەوە و یارمەتیدەرت دەبێ بۆ بڕیاردانت لە پرۆژەیەکی بایەخدار.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بـــراو خوشـــکەکانت رۆڵێکی گرنگ لە ژیانت دەگێڕن، لەاونەیە کێشـــەیەکی خێزانـــی بوروژێنێـــت، زۆر بەحەکیمی و زیرەکی هەڵسوکەوت بکە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

رەنگە بەئامانجێکت بگەیت، بەکارێکەوە خەریکیـــت کەپەیوەنـــدارە بـــە بواری داراییەوە یاخود لەبواری ســـۆزدارییەوە لە بارێکی زۆر باش دەبیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کەسێك دێتە ژیانت و ململانێت لەگەڵ دەکات و بارودۆخـــت ئالۆز دەکات، بەڵام ئەگەر بە هێمنی مامەڵەبکەیت بەم زووانە بەسەریدا زاڵ دەبیت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەســـتێرەی ساتۆرن شـــوێنێکی گونجـــاوی گرتـــووەو لەئیمڕۆوە هاوکارت دەبێت و لەگرفت و کێشەکان رزگارت دەکات و لەگـــەڵ دەوروبەریش دەتگونجێنێت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کێشەیەك هەرەشەت لێدەکات و تووشی ململانێیەکی توند دەبیـــت، لەبەر ئەوە لەوانەیە ورەت دابەزێت و تووشی دوودڵی و خەمناکی بیت.

## نوکتە

- یەکێك لە باخچەیەکدا دانیشـــتبوو ٣ کچ لە دوایەوە بوون قسەیان دەکرد،
یەکەمیان دەڵێ: حەزەکەم شـــوو بکەم بە ئەفسەرێك..
دووەمیـــان دەڵێ: حەزەکەم شـــوو بکەم بە کوڕێکی چینی..
ســـێیەمیش دەڵێ: حەزەکەم شـــوو بکەم بە کوڕێکی شاعیر..
کوڕەکـــەش ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێ : چۆنە من (ئەفسەر هۆرجۆن بێ کەسم)...